## بەش/ ماتماتیك

## كۆلیژ/ پەروەردە

## زانكۆی سەلاحەددین - هەولیر

## بابەت/ سایكۆلۆژیای گشتی

## پەرتووك كۆرسی/ پۆلی یەكەم

## ناوی مامۆستا/ سعدیە زرار رشید

## ساڵی خوێندن/ 2023 – 2024 كۆرسی یەكەم

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| 1. ناوی کۆرس | سایکۆلۆژیای گشتی |
| 2. ناوی مامۆستای بەرپرس | سعدیه زرار رشید |
| 3. بەش/ کۆلێژ | ماتماتیك/ پەروەردە |
| 4. پەیوەندی | e-mail : saadiya.rashid@su.edu.krd<br>Tel: (07504289079) |
| 5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | تیۆری: 3 یەکە |
| 6. ژمارەی کارکردن | 3 کاتژمێر بۆ هەر گروپێك |
| 7. کۆدی کۆرس | |
| 8. پرۆفایەلی مامۆستا | لێرە مامۆستای وانەبێژ پرۆفایەلێک دەنووسێت لەسەر ژیانی ئەکادیمی خۆی (تەنها ئەکادیمی) یان ئاماژە بە Webpage, Blog, Moodle دەکات<br>لەدوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس ، لە بەشی ماتماتیك کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی لەساڵی (2007- 2008 ) ، یەکێك بووم لە دووەمی سەر ئاستی بەش ، وەك یاریدەدەری توێژەر لەیەکەی تۆمار دەست بەکاربووم . لە ساڵی ( 2012- 2013 ) وەك قوتابی ماستەر وەرگیرام لە کۆلێژی پەروەردە / بەشی زانستە پەروەردەیی و دەروونیەکان ، لەساڵی ( 2014 - 2015 ) بڕوانامەی ماستەرم بەدەست هێنا لەبواری ڕێگاکانی وانەوتنەوەی ماتماتیك .وە نازناوی زانستیم لە 2019/12/12 پێ بەخشرا .<br>لە ساڵی 2020-2021 تاوەکو ئێستا وەکو مامۆستا خزمەت دەکەم لە بەشی ماتماتیکی کۆلێژی پەروەردە و بۆ ماوەی دووساڵە وەکو بڕیاردەری بەشی ماتماتیک کاردەکەم . |
| 9. وشە سەرەکیەکان | سایکۆلۆژیا، هزری سایکۆلۆژیا، پالنەر، هەڵچوون، سۆز، جیاوازی تاکایەتی، زیرەکی، بەئاگایی، درککردن، بیرکردنەوە. |

**10. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:**

لەئێستادا، سایکۆلۆژیا ڕۆلێکی هەستیاری دەگێرێت لەبەرجەستەکردنی تەندروستی دەروونی، بۆیە ئاشنابوون بەم زانستە خاڵی دەستپێکە بۆ هەنگاونانی درووست بەرەو ژیانێکی ئارام و هاوسەنگ بۆ تاك و دووروبەرەکەشی.

ئاشنابوون بەبنەما و بابەتە بنچینەییەکانی سایکۆلۆژیا، بەدەستپێکێکی گرنگ هەژماردەکرێت بۆ دروستبوونی تێگەیشتنێکی دروست سەبارەت بەناوەڕۆکی ڕاستەقینەی سایکۆلۆژیا. چونکە ئەم زانستە

هاوكارى تاك (فێركار) دەكات بۆ تێگەیشتن و ڕاڤەكردن و كۆنترۆڵكردنی ڕەفتاری خۆی و فێرخوازەكانی لەداهاتوودا.

چوارچێوەی توێژینەوەكانی سایكۆلۆژیای گشتی جەختكردنەوەیە لەسەر دارشتن و دۆزینەوەی بنەمای تیوری بەئامانجی تێگەیشتن لەبابەتە بنچینەییەكانی سایكۆلۆژیا وەك پالنەر، هەلچوون، سۆز، بەئاگایی، و بیركردنەوە. بۆیە ئاشنابوون بەم بابەتانە دەبێتە دەستپێكێكی دروست بۆ زیاتر ئاشنابوون بە حالەتە دەروونیەكانی كە تاك پیدا تێپەردەبێت و هاوكاریان دەكات بۆ ئەوەی بتوانن بیخاتە خزمەتی باشتركردنی ڕەفتارەوە.

ئاشنابوون و تێگەیشتن لەبنەماكانی سایكۆلۆژیا زامنی فەراهەمكردنی چانسی زیاترە بۆ خێراتر دەستكەوتنی كار، چونكە لەئێستادا سایكۆلۆژیا بوتە بنەما و داواكارییەكی بنچینەیی بۆ دامەزراندن لەزۆرێك لەبوارەكانی كاردا.

**11.** ئامانجەكانی كۆرس

لەدیارترین ئامانجەكانی ئەم وانەیە كاركردنە بۆ ئاشناكردنی فێرخوازان بە سەرەتاكانی بەدیاركەوتنی هزری سایكۆلۆژیا، دەروازەی تێگەیشتنی سایكۆلۆژیا، بوار و لقەكانی سایكۆلۆژیا، تێگەیشتن لە هەمەچەشنی هزر و قوتابخانە سایكۆلۆژییەكان، میتۆدەكانی توێژینەوە لەسایكۆلۆژیا، ئاشنابوون بەچەمكی پالنەر و هەلچوون، درككردنی جیاوازی تاكایەتی و بەهای زیرەكی، و دواتر تێگەیشتن لەپرۆسە عەقلیە مەعریفییە بالاْكان.

**12.** ئەركەكانی قوتابی

بەهۆی چوارچێوە و سروشتی وانەی سایكۆلۆژیاوە، جەختدەكرێتەوە لەسەر ئامادەبوونی فێرخواز بەشێوەیەكی فیزیكی و ئامادەیی سایكۆلۆژی تابتوانێت زیاترین كارلێكی هەبیت لەپرۆسەی فێركردنەكەدا. هاندان و بوار ڕەخساندن بۆ فێرخواز بۆ بەشداریكردنی كارا لەگفتوگۆ و پێشكەشكردنی ڕاپۆرت و سیمینار لەچوارچێوەی ناوەڕۆكی وانەكەدا. جیالەوەی كەپێویستە فێرخواز پابەندبێت بەئەنجامدانی تاقیكردنەوەكان لەكاتی پێویست و دیاریكراو لەلایەن لیژنەی تاقیكردنەوەی بەش و كۆلێژ.

**13.** ڕێگەی وانە ووتنەوە

لەگەڵ ڕچاوكردنی ئاستی تەمەن و خویندنی فێرخوازان، كاردەكەین بۆ ڕەچاوكردنی ویست و حەزەكانی فێرخوازان بۆ شێوازێكی گونجاوی وانەوتنەوە، لەگەڵ جەختكردنەوە لەسەر شێوازی پرسیار و وەلاْم، پالپشت بەكارهێنانی نموونەی وێنەیی و ڤیدیوی پێویست لەگەل پشتبەستن بە ئامرازە تەكنەلۆژیە بەردەستەكان بۆ گەیاندن و ڕوونكردنەوەی بابەتەكان بۆ فێرخوازان. پێدانی ڕێنمایی بەگروپ و بەتەنها سەبارەت بەچۆنیەتی خۆیندنی سەركەوتوانە.

**14. سیستەمی هەڵسەنگاندن**

**بەهۆی پەیوەستبوون بەچوارچێوەی ڕێنماییەکانی بەش، تاقیکردنەوەکان دابەشدەکرێن بەپێ ی پلانی لیژنەی تاقیکردنەوەی بەش، لەگەل فەراهەمکردنی بواری تاقیکردنەوەی زیاتر (گەر بەپێویست بزانرێ). هەر تاقیکردنەوەیەك لەسەر 40 نمرە دەبێت، و لەدوایدا دابەشدەکرێن بەسەر ژمارەی تاقیکردنەوەکاندا، بۆ ئەوەی کەمترین نمرە لەفێرخواز بروات لەکاتی ئەنجامدانی هەڵەیەکی بچووك لەتاقیکردنەوەدا. هەروەها بەخشینی نمرەی هاندان بۆ قوتابیان چالاك و بەشداربوو لەپۆلدا. کۆی ئەمانە دەکاتە 40 نمرە بۆ تەواوی هەفتەکان. تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ لەسەر 60 نمرە دەبێت و کۆی هەموو نمرەکان بۆ ڕێژەی 100 دەبێتە ئەنجامی کۆششی تەواوی ساڵێك.**

**15. دەرئەنجامەکانی فێربوون**

- **توانست لەسەر ئاشنابوون و تێگەیشتنی چەمکە بنچینەییەکانی سایکۆلۆژیای گشتی.**
- **توانست لەسەر خستنەڕووی وەلامی زانستی و شیکاری دروست بۆ هۆکارەکان لەسایکۆلۆژیای گشتی دا.**
- **توانست لەسەر بەبیرهاتنەوە و ناسینەوەی بنەما و خاڵە بنچینەییەکان لە سایکۆلۆژیای گشتی دا.**
- **توانست لەسەر ناسینەوە بابەتە دروست و نادروستەکان لەبارەی بابەتە جیاوازەکانی سایکۆلۆژیای گشتی و پێشکەشکردنی ئەلتەرناتیڤی دروست بۆ زانیاریە نادروستەکان.**
- **توانست لەسەر پێشکەشکردنی سمینار لەسەر بابەتی تایبەت لەبواری سایکۆلۆژیای گشتی.**
- **توانست لەسەر نووسینی ڕاپۆرتی زانستی لەبارەی بابەتەکانی سایکۆلۆژیای گشتی.**

**16. لیستی سەرچاوە**


- عزالدین احمد عزیز,2014, بنەماکانی دەروونزانی گشتی, هەولێر, چاپخانەی ڕۆژهەلات.
- عبدالرحمن عدس و یوسف ئەلقتامی, وەرگێڕانی سەلاح سەعدی, 2013, سایکۆلۆژیای پەروەردەیی تیۆرو پیادەکردنی سەرەکی.
- کەریم شریف قەرەچەتانی, 2008,سایکۆلۆژیای پەروەردەیی, سلێمانی, چاپخانەی پەیوەند.
- کەریم شریف قەرەچەتانی, 2007, سایکۆلۆژیای گشتی,هەولێر, چاپخانەی حاجی هاشم.
- الريماوي، محمد عودة (2008). *علم النفس العام*، ط3 ، عمان: دار المسيرة للنشر و التوزيع.
- الواقفي، راضي (2003) *مقدمة في العلم النفس* ، ط 3, عمان: دار الشروق للنشر و التوزيع.
- Robinson, E. S. (2017). *Readings in General Psychology (Classic Reprint)*. London: Fb&c Limited.
- Rexroad, C. N. (2017). *General Psychology for College Students (Classic Reprint)*. London: Fb&c Limited.
- Kalat, J. M. (2016). *Introduction to Psychology*. Boston, MA: Cengage Learning.

| | | |
|---|---|---|
| 17. **بابەتەکان** | | **ناوی مامۆستا** |
| هەفتەی 1 | خستنەڕوی ناوەڕۆکی وانەکە | **م.سعدیە زرار رشید** |
| هەفتەی 2 | مێژووی سەرهەڵدانی سایکۆلۆژیا، چەمکی سایکۆلۆژیا، ئامانجەکانی سایکۆلۆژیا، پەیوەندی سایکۆلۆژیا بەزانستەکانی ترەوە ، بابەتەکانی سایکۆلۆژیا، گرنگی سایکۆلۆژیا . | |
| هەفتەی 3 | بوارەکانی سایکۆلۆژیا: لقە تیورییەکان، لقە پڕاکتیکیەکان. | |
| هەفتەی 4-5 | قوتابخانە سایکۆلۆژییەکان: قوتابخانەی بونیادی، قوتابخانەی وەزیفی، قوتابخانەی گشتالتی، قوتابخانەی ڕەفتاری، قوتابخانەی مەبەستداری، قوتابخانە شیتەڵکاری دەروونی. | |
| هەفتەی 6 | پالنەرەکان، چەمکی پاڵنەر، جۆرەکانی پاڵنەر، پێویستیە دەروونیە بنەڕەتیەکان، پالنەرە نەستییەکان. | |
| هەفتەی 7 | هەڵچوون، چەمکی هەڵچوون، هەڵچوون و پاڵنەر، لایەنەکانی هەڵچوون، هەڵچوونی و نەخۆشیە جەستەییەکان. | |
| هەفتەی 8 | سۆز، جۆرەکانی سۆز، سۆزی باو، سۆز و هاوسەنگی دەروونی | |
| هەفتەی 9- 10 | چەمکی جیاوازی تاکایەتی، چەند ڕاستییەك سەبارەت بەجیاوازی تاکایەتییەکان، پێویستی ڕەچاوکردنی جیاوازی تاکایەتی، هۆکارەکانی جیاوازی تاکایەتی، پێوانەکردنی جیاوازی تاکایەتی. | |
| هەفتەی 11 | زیرەکی، چەمکی زیرەکی، خاسیەتەکانی مرۆڤی زیرەك، دۆزینەوەی ڕێژەی زیرەکی، هۆکارە کارتێکەرەکانی زیرەکی، ژینگەو زیرەکی. | |
| هەفتەی 12 | بەئاگایی و درککردن، پێناسەی بەئاگایی و درککردن، جۆرەکانی بەئاگایی، هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر بەئاگایی، ڕیگریەکانی بەردەم بەئاگایی. | |

| | | |
|---|---|---|
| | بیرکردنەوە، چەمکی بیرکردنەوە، پرۆسە عەقلیەکان لەبیرکردنەوەدا، خاسیەتەکانی پرۆسەی بیرکردنەوە، شێوەکانی بیرکــردنەوە. | هەفتەی 13 |
| | 18. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت) | |
| | لێرە مامۆستای وانەبێژ ناونیشانی هەموو ئەو بابەتە پراکتیکانە دەنووسێت کە بەنیازە بیڵێتەوە لە تێرمەکە. هەروەها کورتەیەک لە ئامانجی هەر یەک لە بابەتەکان وبەروار وکاتی وانەکە دەنووسێت. | |

**19. تاقیکردنەوەکان**

**پ1/ ئەمانەی خوارەوە پێناسە بکە:**

**1) سایکۆلۆژیا 2) بیرکردنەوە 3) ڤیلهلم ڤۆنت**

**پ2/ هۆی ئەمانەی خوارەوە ڕوونبکەرەوە:**

1. سایکۆلۆژیا پەیوەندیەکی بلاوی هەیە لەگەڵ زۆرێك لەزانستەکانی دی؟
2. لەئەمڕۆدا مرۆڤایەتی ناتوانێ دەستبەرداری ئەو خزمەتە بەپێزانەبێت کەسایکۆلۆژیا پێشکەشیدەکات؟
3. دابەشکردنی سایکۆلۆژیا بۆ لقی پراکتیکی و تیوری خواستراو نییە؟

**پ3/ ئەم بۆشاییانە بەزانیاری گونجاو پربکەرەوە:**

1- ئاڕاستە فەلسەفییەکان دابەشدەبن بۆ ئاڕاستەی ....................... و ..........................

2- تەکنیکی تێڕامانی ناوخن ناودەبرێت بە .......................... و داهێنرا لەلایەن ................

3- پالنەرە وەرگیراوەکان پۆلێندەکرێت بۆ ..................... و ................. و ..................

**پ4/ نیشانەی ( √ ) بەرانبەر دەستەواژەی ڕاست دابنێ و نیشانەی ( × ) بەرانبەر دەستەواژەی هەڵە دابنێ و هەڵەکانیش ڕاستبکەرەوە گەر هەبوو:**

1 ) گرێی دەروونی حاڵەتێکی جەستەیی دەروونیە کە لەناوەوە ڕەفتارەکانی مرۆڤ ئاڕاستەدەکات.

2 ) هەڵچوون حاڵتێکی ویژدانی بەهێزە کـەدەبێتە هـۆی درووسـت بـوونی تێکچوونی دەروونی و فسیۆلۆژی ناوەکی و هەندێك گوزارشت وجوڵانەوەی جیاواز.

3 ) بەراوردکردن یەکێکە لەهۆکارە کاریگەرەکانی پرۆسەی بەئاگایی.

**20. تێبینی تر**

بەپێ پێویستی و بەردەستبوونی سەرەنج و زانیاری زانستی پێشکەوتوو تر، ئەگەر گۆڕانکاری لەبابەتەکاندا بوونی هەیە.

**21. پێداچوونەوەی هاوەڵ**